ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

Internet Temporary Files.

نووسەر: @:

ئەم وانەیە تایبەتە بە پەڕگە کاتیەکانی Internet Explorer - Internet Temporary Files. بە زیان و سوودەکانیەوە و هەروەها ڕێکخستنەکانی.

پەڕگە کاتیەکانی Internet Explorer چیە؟

هەر کەسێک لە ئێمە کاتێک سەردانی ماڵپەڕەکان دەکەین لە ئینتەرنێت، پرۆگرامی Internet Explorer هەڵدەستێ بە پاشەکەوتکردنی زۆربەی پەڕگەکانی نێو ئەو ماڵپەڕانە بۆ سەر کۆمپیوتەرەکانمان و لە نێو بوخچەیەک کە پێی دەگووترێ TEMP حەشاریان دەدات.

سوودی ئەم تایبەتمەندیەش ئەوەیە کە گەر جارێکی دیکە بتەوێ سەردانی ئەو ماڵپەڕانە بکەیت، بە شێوەیەکی خێراتر بۆت بکرێنەوە، لەبەر ئەوەی کە زۆربەی پەڕگەکانی ئەو ماڵپەڕانە لە سەر کۆمپیوتەرەکەت پاشەکەوت بوون و کردنەوەی خێرا دەبێت.

زیانی ئەو تایبەتمەندیە چیە؟

زیانێکی سەرەکێ ئەوەیە، کە هەندێک ماڵپەڕ سەردانیان دەکەین ڤایرۆس یان پەڕگەی سیخوڕیان تێدایە و لەکاتی سەردان کردنیاندا لەخۆوە دادەبەزێنە نێو کۆمپیوتەرەکانمان و دەچنە نێو ئەو بوخچەیەی Internet Explorer کە ناوی Temporary Files ـە.

بۆیە بەسوود نیە کە هەموو کاتێک ئەو بوخچەیە پەڕگەی تێدا بێت، باشتر وایە جارجار پەڕگەکانی بسڕێنەوە.

چۆن بگەمە ئەو پەڕگانە و بیانسڕمەوە؟

لە Internet Explorer کرتە بکە لە Tools و پاشان Internet Options.




بۆ سڕینەوەی ئەو پەڕگانە کرتە بکە سەر Delete Fles.




وەک لە وێنەی سەرەوە ڕوونە، پەنجەرەیەکی دیکە دەکرێتەوە کە هەڵبژاردنێکی تێدایە. Delete All Offline Content، بۆ سڕینەوەی هەموو ئەو پەڕگانەش کە بەکار ناهێنرێن و بەهیچ شێوەیەک سوودیان نیە. (پێم باشە ئەو خاڵە چالاک بکرێت بۆ سڕینەوەی ئەو پەڕگانەش).

پاشان کرتە بکە سەر OK، هەندێک کات ئەو سڕینەوەیە کات دەبات، دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەوەی چەندە پەڕگە پاشەکەوتکرابێت لە Internet Temporary Files.

بگەڕێوە بۆ وێنەی یەکەم و لەوێدا کرتە بکە سەر Settings.




لە پەنجەرەی ڕێکخستنەکانی Internet Temporary Files دا ئەم خاڵانە دەبینی.

* وەک لە سەرەوە نووسیوومە کە Internet Explorer ئەو پەڕگانە پاشەکەوت دەکات بۆ ئەوەی کردنەوەی ماڵپەڕەکان بۆ جارانی داهاتوو خێراتر بکات. بەڵام لێرەدا دەتوانی هەڵبژێری کە:

5> Internet Explorer بگەڕی بە دوای (وەشان Version)ی نوێی ئەو پەڕگە پاسەکەوتکراوانە لەکاتی هەموو سەردانێکدا بۆ ماڵپەڕەکان.

6> هەموو کاتێ کە Internet Explorer دەکەیتەوە.

7> Automatic. ئەمەیان هەڵبژاردنی ئاساییە، لەبەر ئەوەی کە Internet Explorer خۆی بەپێی پێویست ئەو کارانەی سەرەوە جێبەجێ بکات.

8> بەهیچ شێوەیەک نەگەڕێ بەدوای وەشانی نوێی ئەو پەڕگە پاشەکەوتکراوانە. هەڵبژاردنی ئەم خاڵە شتێکی دروست نیە، لەبەر ئەوەی Internet Explorer بە هێج شیوەیەک ناگەڕی بەدوای نوێکاریەکانی ئەو ماڵپەڕانە و پاشان تۆش لە نوێکاریەکان ئاگادار نابیت.

9> ئەو قەبارەیەی کە تایبەت بکرێت بۆ ئەو بوخچەیەی کە پەڕگەکانی تێدا پاشەکەوت دەکرێت. ئاسایی خۆی 1193 میگابایتە.

10> گۆڕینی بوخچە لە Internet Temporary Files ـەوە بۆ بوخچەیەکی دیکە، دەستکاریکردنی کارێکی دروست نیە!.
11> بینینی پەڕگەکان.
12> بینینی Object / تەن ـەکان.
کۆتایی.

Oct 2005 13

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل تبلیغات در این سایت